
## ئاوڕ دانەوەیەک لە یاری زانە دێرینەکان ... علی حەمە سالّح ئەحمەد




ناسراوە بە علی مەعسوم سالّی 1946 لە شارۆچکەی پێنجوێن لە دایک بووەکەریم ی حاج فەرەج ئاغا ئەم نازناوەی لێناوە چونکە کاتی خۆی لەگەڵیانا یاری کردە. سالّی 1960 یەکەم تیپی میللی تیپی هێرش بوو کەوا یەکێک بووە لە تیپە بەهێزەکانی ئەو سەردەمە لە گەڕەکی سابونکران لە شاری سولەیمانی، یەکەم کەس کە هاندەری بووە بۆ وەرزش کردن حەمە پشکە بووە کەوا یاری زانی هەڵبژاردەی عێراق ی ئەوسەر دەمە بووە، لە سالّی 1960 بۆ 1961 هەڵیان بژاردوە بۆ هەڵبژاردە و یانەی سولەیمانی وەك یاری زانێکی سەرەکی نەبووە بەڵام بەردەوام لە گەڵیانا مەشقی دەکرد تا وای لێهات بوو بە یاری زانێکی سەرەکی تیپەکە یەکەم یاری لەگەڵ نادی فەیلیەکان بوو کە وا لە ئافتایمی دووەم یاری کرد، لە سالّی 1970 بۆ 1974 هەڵبژاردەی پۆلیسی سولەیمانی بووە لە دوای سالّی 1974 وازی لە وەرزش هێناوە بەهۆی بژێوی ژیان و تێپەڕ بون تەمەنی لاوی دا.

لە سەردەمی کاک علی دا، هەڵبژاردەو یانەی سولەیمانی هەمیشە پلەی نایابی عێراق بوون یەکێک بوون لە تیپە بەهێزەکانی سەران سەری عێراق. دوای واز هێنانی کاك علی و چەند یاری زانێکی تریش کە وازیان لە وەرزش هێنا لەو سەر دەمەوە تاوەکو ئیستا نە یانە و نە هەڵبژاردەی سولەیمانی پلەی نایابی عێراق ی بەدەست نەهێناوە هۆکاری ئەمەش بۆ زۆر شت دەگەڕێتەوە.

کاک علی یەکێك بووە لە یاری زانە باشەکانی شاری سولەیمانی تاوەک و ئیستا کەس نەی توانیوە ئەو شوێنەی پڕبکاتەوە وەک خۆی، یاری زانێکی بەرگری بووە بەڵام زۆر جار پێویستی کردوە کەوا چووە بۆ هێرش بردن، زۆر جاریش گۆڵی تۆمار کردووە کاك علی مرۆڤێکی خوشەویست بووە لای تەماشاکەر و یاری زانەکان هەر بۆیە نەبینراوە تاوەکو ئیستا ناوبژی وان کارتی سووری بۆ دەر بکا، چونکە هەموو کات هەقی داوە بە یاری زانەکانی بەرام بەری واتە هیچ کاتێک هەوڵی نەداوە کەوا ئازاری یاری زانی بەرام بەری بدات هەرچەندە بۆتە هۆی دۆڕاندی تیپەکەی، زۆر حەزی کردووە دایمە هەق بدا بەیاری واتە تیپی باش حەزی کردوە براوەبن کاك علی دەڵێت من زیاتر کە پێش کەتبووم لە وەرزش لە کاتی خۆیدا خوالیّ خۆش بوو کاك فائق قەساب و کاك علی ئەحمەد تەها زۆر یارمەتیان داوم لە هەموو ڕویەکەوە من دایمە وەك مامی خۆم تەماشام کردوون، وە قەد لە یادم ناچن هەمیشە لە دڵم دا زیندون.

دوای وازهێنانی لەوەرزش تاوەکو ئێستاش هیچ بەرپرسێکی وەرزشی یان یانەکان یان لیژنەی ئۆلۆمپی لێیان نەپرسیوەتەوە بۆ نموونە زۆر جار چوە بۆ تەماشاکردنی یاری وەک کەسێکی ئاسای بلیتی خۆی کڕیوە پاشان چوتە ژورەوە بە واتا بەرپرسەکان دەبوایە شوێنێکی تیبەتیان بۆدابنایە لەگەڵ ڕێزی زۆردا چونکە ئەم کەڵە پیاوانە دروست نابنەوە

لە ناو وەرزش، پێویستە ئەم جۆرە کەسانە زۆربەی کات بەسەر بکرێنەوە بە تایبەتی کۆڕی وەرزشی یان لەکاتی هەڵبژاردنەکانی دەستەی بەڕێوەبردن یان هەڵبژاردنی لیژنەی ئولۆمپی پێویستە کەسانی وەك کاك علی ئامادەبن لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا.

لە کۆتای دا هیوای تەمەند درێژی و لەش ساغی بۆ دەخوازین هیواداریین لەمەو دوا بەرپرسەکان ئاوڕێك لە کاك علی و چەندین یاری زانی تر بدەنەوە، چونکە زۆر یاری زان فەرامۆش کراون ئەمرۆ چی کەسێك لە بەرپرسێك نزیك بێت واتە لە پێشەوەیە لە هەموو بارێکی ژیاندا، گوێنادەنێ چی کارە بووە گرنگ نییە، ئەمرۆ بەرپرسەکانمان دەیانەوێت یاری زانە دێرینەکان سوشدەیان بۆ بەرن تاوەکو خەلآتیان بکەن ئەگینا ناخوێنرێنەوە، ئەگەر ناوبنوسین کێ خەلآتو زەوی وەرگرتوە مرۆڤ ڕشانەوەی دێت، بەلآم بەداخەوە ئەمانە یاری زانی دێرین نەبوون بۆ نمونە وەکو؟

عەلی لەتیف / فەرەیدون ئۆزیبۆ / تایەری حاجی شێخ لەتیف عەلاف / بورهانی حاجی حەمە ئەمین بورهانی حسێنە فەندی. . . . هتد. هیوادارم بەرپرسەکانمان بەخۆیاندا بچنەوە.

ئەنوەر خەراجیانی
یاری زانی هەڵبژاردەی سولەیمانی کۆن
سوید / مالمو

